# "توانیمان له 26 شاری سوید خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ گێڕانەوەی مافی پەنابەرێتی بەرێبخەین"

## وتوویژی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ئاسۆ گۆران بەرپرسی فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لەسوید

**ئۆکتۆبەر: 10ی سیپتەمبەر زۆربەی شارەکانی سوید بوونە مەیدانی خۆپیشاندانی پەنابەران. ئەو لایەنانەی ئەم خۆپیشاندانانەیان ریکخستبوو کێبوون؟ فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی چ رۆلیکی تیا گیرا؟**

ئاسۆ گۆران: لە10ی سیپتەمبەردا، پیکەوە توانیمان لە 26 شاری سوید خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ گیرانەوەی مافی پەنابەریتی بەریبخەین. لەم رۆژەدا خەلکی ئازادیخوازی سوید وپەنابەران رژانە نیو شەقامەکانی شارەوە و بۆوەلامدانەوە بەبانگەوازیك کەلەلایەن بەرەی " Flykting amnesti2005“ درابوو، خۆپیشاندەران بە ریکخستنیکی توند و تۆلەوە و هەموو بەیەك دەنگ لەدژی سیاسەتەکانی دەولەتی سوید شیعاریان دەدا و داوای گیرانەوەی مافەکانی پەنابەرانیان بۆسەرجەم پەنابەران دەکرد. ئەم حەرەکەتە لەلایەن بەرەی"Flykting amnesti2005" سەرپەرشتی دەکرا، کەخۆی پیکهاتووە لە50 ریکخراوی سویدی وغەیرە سویدی، کە فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقیش یەکیك لەریکخراوە هەلسوراوو چالاکەکانی نیو ئەم بەرەیەیە. لەم خۆپیشاندانانەدا ئیمە وەك فیدراسیۆن لە7 شاردا دەوری سەرەکیمان گیراوە و لە 2 شاری تریش هەلسوورانی بەرچاومان لە ریکخراوکردن و هینانە مەیدانی خەلکدا بووە. لەمبارەشەوە پەنابەران باش ئاگاداری دەور و نەخشی فیدراسیۆنن و ئاشنان بەمیژوویەك کە ئیمە بۆ دیفاع لە پەنابەران و خواستەکانیان تیمان پەراندووە.

**ئۆکتۆبەر: ئامانجی ئەم خۆپیشاندانانە چی بوو؟ تا چ ئاستیك توانی گوشار بخاتەسەر دەولەت بۆ چاوخشاندنەوە بە سیاسەتەکانی خۆی لەبەرامبەر پەنابەراندا؟**

ئاسۆ گۆران: دیارترین ئامانجی ئەم خۆپیشاندانە داواکردن بوو بۆ لیبوردنیکی گشتی بۆ سەرجەم پەنابەران و پەیداکردنی ژیانی ئاسایی و وەرگرتنی مۆلەتی مانەوەی پەنابەرانیك کەماوەیەکی دریژە لەچاوەروانیدان، هەروەها باشکردنی ژیانی سەدان منال کە بەنارەسمی لەم ولاتەدا دەژین هەمیشە لەژیر هەرەشەی گرتن و دیپۆرت کردنەوەدان. بەدلنیاییەوە دەلیم  کە هەرجۆرە حەرەکەت و نارەزایەتییەکی لەمجۆرە گوشار و کاریگەری تەواوی دەبیت لەسەر سیاسەتی دەولەت، چونکە لەدنیادا بەرەیەکی رادیکال و ئینسانی لەئارادایەو لە هەرشوینیك هەست بەناعەدالەتی و نائینسانی بکات نارەزایەتی دەردەبری و دەرژیتە نیو شەقامەکانەوە.. هەر ئیستاش کاریگەری ئەم خۆپیشاندان و هەلسوورانانە دەرکەوتووە و دەولەتی سویدی ناچارکردووە بەوەی خەریکی جۆریك لەریفۆرمکردن بیت لەسیاسەتەکانیدا و بریاری داوە کۆمەلیك خواستی پەنابەران جیبەجی بکات.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەری پیمان بلییت ئەو بریارانە چین؟**

ئاسۆ گۆران: بەلی... ئەوبریارانە بریتین لە: هەموو ئەو منالانەی تائیستا بەشیوەی نایاسایی ژیاون، مافی ژیانی ئاسایی وچوونە قوتابخانەو بەهرەمەندبوون لەنەخۆشخانەو پیداویستی تریان دەبیت. هەموو ئەو خیزانانەی منالی نەخۆشیان هەیە، مافی پەنابەریتییان پیدەدریت. ئاسایی بوونەوەی ژیانی هەموو ئەو پەنابەرانەی تائیستا ژیانی رۆتینییان یاساغ بووە. راگرتنی دیپۆرتی بەزۆری پەنابەران. وەلامدانەوە بەو کەیسانەی هەلگری تایبەتمەندیتین.

**ئۆکتۆبەر: کاری داهاتووی فیدراسیۆن چییە بۆ سەرکەوتنی گەورەتر و بەرەسمی ناسینی مافی پەنابەریتی بۆسەرجەم پەنابەران؟**

ئاسۆ گۆران: ئیمە چ وەك فیرداسیۆن وچ وەك ئەوبەرە ئازادیخوازەی ئەمرۆ هاتۆتە مەیدانەوە بەردەوام دەبین لەکارو چالاکییەکانمان تاسەرجەم خواستەکانی پەنابەران دەستەبەردەکەین. هەرئەمرۆ واتە 9/26 کۆبوونەوەی گەورەمان هەیە بۆ راویژکردن پیکەوە بەمەبەستی دارشتنی بەرنامەیەکی پتەو و چروپر ..

**ئۆکتۆبەر: چ پەیام و بانگەوازیکت هەیە بۆ پەنابەران؟**

ئاسۆ گۆران: وەك هەمیشە وتومانە خۆریکخستن وپیکەوەبوون، هەروەها راوەستان لەپشتی فیدراسیۆن و بەهیزکردنی ئەم ریکخراوەیە تەنها کاریکە کەپەنابەران نزیك دەخاتەوە لە بەدیهاتنی خواستەکانیان. بەتایبەتی کە فیدراسیۆن بەرهەمی بزوتنەوەی پەنابەریتی و هەلقولاوی خواستەکانی ئەوانە هەربۆیە لیرەوە داوایان لیدەکەم پیوەی پەیوەست بن و کۆمەکی پی بکەن. وەرن لەدەوری فیدراسیۆن کۆببنەوە ...